# بەنازیش بە ئاگر کۆتایی بەژیانی خـ

لە چاوەڕوانی دامەزراندن و دیتنی ئەنجامی ئەو هەموو سـالەی خوێندن و بی ئومێدی و لەژیان بێـزار بوون بۆ بەناز کە بە بەردەوامی و نامۆیی هەسـتی دەکرد ئیتر ژیان بۆ ئـەو چ نرخێکی نەمـاوە، بڕیاریـدا بە ئاگر کۆتایـی بە ژیانی بێنێت و جەسـتە ناسکەکەی خۆی لە ڕێکەوتی (٢٠١١/٨/٢٧) کردە قوربانی شـاڵاوی ئاگر. لەڕێکەوتی ٩/٤/ ٢٠١١ لەنەخۆشخانە سەردانی بەنازمان کرد کە بەخەمەوە باسـی ژیانی خۆی بۆکردیـن و بەچاوی پڕ لەگریانـەوە هۆکاری خۆسـووتاندنەکەی باس دەکرد جەختیشـی لەوە دەکردەوە بەهیچ شـێوەیەکە لەسـەر ناموس و شەرەف ئاگری لەجەستەی خۆی بەرنەداوە، بەڵکو وەکو گەنجێك لەبێ ئومێدی دامەزراندنەکەی و لەبەرهەژاری و دەستکورتی بڕیاری خۆسوتاندنی داوە، چاوەڕێـی مەرگی دەکـرد تا لەڕێکەوتی ٩/٦/ ٢٠١١ کۆتایـی بەژیانی هات و کۆچی دوایی کرد..

**بەناز پێش ئەوەی ماڵئاوایی یەکجارەکی بکات وتبووی: پەشیمانم لە خۆم سووتاندن**

بەناز دوای ئەوەی ئاگری لە جەسـتەی خۆی بەردا بە جەستەی شێواوی سوتاوەوە هەتا ڕۆژی ٢٠١١/٩/٦ لە ژیان مابووەوە، پێش ئەو ڕۆژەش لە نەخۆشـخانە سـەردانمان کردو داوای دەکرد ژیانی ڕزگار بکرێت، بەناز دانیشـتووی شاری هەولێرە لەسـەر جێگاکەی بەزمانێکی قورسەوە بە ئاستەم هاواری دەکرد و دەیوت» هەژاری و بێ پارەیی کوشتمی، لە خێزانێکی ١١کەسین و کرێچین، باوکێکی پیری بێ کارم هەیە، خوشك و براکانـم هەمووی قوتابیـن، با هەموو کەس بزانێت و بە هەموو هاوڕێیانم بڵێن، ئەوە دووساڵە تەخەروجم کردووەو دوای ١٥ ساڵ خوێندن و ئەو هەمـوو چاوەڕوانییەی دامەزرانـدن، لەماڵەوە دانیشتم کە ناوی دامەزراوەکان گەڕایەوە، ناوی منی تێـدا نەبوو، ئیتر ڕۆژبەڕۆژ لە ژیان بێزار دەبووم، وامزانی ئەگەر ئاگر لەخۆم بەردەم دەمرم و لە ئـازارو بێ ئومێدییـەکان ڕزگارم دەبێت، بەڵام ئێسـتا زۆر پەشـیمانم تەنیا ئاواتەخوازم دەنگی کچێکی سـووتاو بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بگەیەنن کە یارمەتی هەموو گەنجانی کوردسـتان بدات، با کەسمان بێ ئومێد نەبین و داوا لە نێچیرڤان بارزانیش دەکەم یارمەتیم بدات، با لـە ئازارەکانم ڕزگارم بێـت دەمەوێ چاك ببمەوەو درێژە بە ژیانم بدەمەوە»

**کچەکەم جەرگمت سووتاند**

بەناز کچێکـی تەمەن ٢٤ سـاڵە، دەرچووی پەیمانگای تەکنیکـی هەولێرە، کچە گەورەی ماڵەوە بوو، هەمیشەخۆشەویستی هاوڕێیەکانی بوو، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی بەسەرکەوتوویی بڕیوە، دایکی کە ژنی ماڵەوەیە لە نەخۆشـخانە بەدیار جەستە سـووتاوکەی بەنازەوە بەگریانەوە هـاوار دەکات: کچەکەم بەناز بـۆ واتکرد، بۆ جەرگمت سووتاند، ئای خوایە گیان دەبێت من چ گوناحێکـم کردبێت، کچەکـەم، جەرگەکەم ئاگری لە خۆی بەردا؟؟ خوایە گیان کچەکەم بەتۆ دەسـپێرم و ڕەحمی پێبکەو لە ئازارەکانی ڕزگاری بکە، ئەوە قسەکانی ئەو دایکە جەرگ سوتاوەیە دەڵێت: کچەکەم لەشەوی ٢٧ مانگی ڕەمەزان کە شەوی قەدری پیرۆز بوو، خەریکی ماڵ پاکردنەوەو ئامادەکردنی کەلوپەل بووین بۆ جـەژن، هاتە لای من وتی دایکە دەچمە ماڵی دراوسێیەکمان نەوت دەهێنم بۆ سەماوەر، چونکە نەوتمان نەماوە بۆ سەماوەر، تا جەژن چایی پێ لێنێین، دوای ئەوە چوو لە ماڵی دراوسێیەکمان نەوتەکەی هێناو لە سەماوەری کردبوو، دانیشتبوو لەگەڵمان تا درەنگی شـەو، سەرقاڵی کولیچە دروست کردن بووین، ئیتر هەر ئەوەندەمان بینی بەو شەوە درەنگە ڕایکردە گەرماوو ئەو نەوتەی



# چۆن منداڵەکەمان ئامادەبکەین بۆیەکەم ڕۆژی خوێندن ؟

خوێندن و فێربوون گرینگترین بابەتە بۆ داهاتووی هەر کەسێك، چوونە بەر خوێندن لە قۆناغی سەرەتایی و لە تەمەنی شەشساڵی لە کوردستان دەست پێدەکات و خێزانەکان منداڵەکانیان لەو تەمەنەوە دەخەنە بەر خوێندن، بێگومان کاتێك منداڵ لەو تەمەنە بچووکەوە دەنێردرێتە بەر خوێندن تووشی جۆرێك لە بێزار بوون دەبێت، چونکە دەچێتە جیهانێکی نوێ و پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ و جیاوازەوە، بۆیە پێویستە دایك و باوك بە چەندین ڕێگای زانستیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو منداڵە بکەن بۆ ئەوەی ئەو کێشانەی بۆ دروست نەبێت .

**کچەکەم حەزی بە چوونە قوتابخانە نییە**

چیمەن عەبدوڵڵا ژنی ماڵەوەیە خاوەن ٤ منداڵە ئەم ساڵ بچووکترین کچی دەنێرێتە بەر خوێندن و پێیوایە کە وەکو منداڵەکانی تری تووشی زەحمەتی دەکات و حەزی بە دەوام کردن نییە ئەگەرچی لە ماڵەوە بە چەندین شێوە هەوڵی لەگەڵ دەدەن بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی یەکەم ڕۆژ و یەکەم ساڵ لە خوێندن بەسەر بەرێت، ئەو ئافرەتە دەڵێت» هەرسێ منداڵەکەم زۆر بە زەحمەتی توانییان لەگەڵ ساڵی یەکەمی خوێندنیان بگونجێن بەتایبەتی کوڕە گەورەکەم تا مانگی یەکەم بەزۆر دەماننارده قوتابخانە و وای لێهات بوو بەشەوان لەترسا میز بکاتە ژێر خۆی، بەڕاستی ئەمساڵیش خەریکە تووشی کێشە دەبمەوە لەگەڵ کچە بچووکەم، چونکە زۆر هەوڵی لەگەڵ دەدەم بۆ ئەوەی قوتابخانەی بەلاوە شیرین بێت و لێی نەترسێت»

**بەهۆی ترس وشەرمەوە کوڕەکەم دوو ساڵە لە خوێندن دوا دەکەوێت**

منداڵان لە ساڵی یەکەمی خویندن تووشی ترس و شەرم دەبنەوە ئەمە زۆرجار وای کردووە منداڵ تووشی شۆك بکات و دایك و باوکیش نەتوانن هەوڵێکی باشی لەگەڵ بدەن بۆ ئەوەی ئەو منداڵە بەسەر ئەو حاڵەتانەوە زاڵ بێت و فەرامۆشی دەکەن، ئیتر ئەو منداڵە لە ساڵی یەکەم دەبێتە قوربانی ترس و شەرم، محەمەد هادی یەکێکە لەو منداڵانەی کە بەهۆی ترس و شەرمەوە ٢ ساڵە لە قۆناغی یەکەمی سەرەتایی دوا دەکەوێت و ناتوانێت لە خوێندن بەردەوام بێت و واز لێ هێناوە، دایکی محەمەد کە فەرمانبەرە دەڵێت» کوڕەکەم دوو ساڵە ناچێتە قوتابخانە بەزۆر دەینێرین، بەگریان دەگەڕێتەوە ماڵەوە زۆر هەوڵمان لەگەڵیداوە، بەڵام یەك ڕۆژ دەینێرین هەفتەیەك تووشی نەخوشی دەبێت لە ترسا دەکەوێتە ناو جێگا بەشێوازی جیا هەوڵمان لەگەڵداوە تا ئێستا سوودی نییە، ئەو ساڵەش تاوەکو ئێستا بەردەوام لەگەڵیداین بۆ ئەوەی بتوانین وای لێبکەین کە قوتابخانەی بەلاوە خۆشەویست بێت»

**ئامۆژگارییەکان بۆ منداڵەکەت**

توێژەری دەروونی سیروان مەحمود لەو بارەیەوە چەندین ئامۆژگاری بۆ دایك و باوکان هەیە کە چۆن یەکەم ڕۆژ منداڵەکانیان دەنێرنە قوتابخانە، بۆ ئەوەی تووشی هیچ گرفتێك نەبن پێویستە سەرەتا باسی پیرۆزی قوتابخانەی بۆ بکرێت وگرینگی و سوودەکانی قوتابخانە بۆ منداڵەکە شیبکرێتەوە کە بۆی ڕوون بێتەوە خوێندن بۆ داهاتووی ئەو چەندە پێویستە هەر لەیەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانەی ئەو منداڵە ئەگەر دایك و باوك بینیان منداڵەکەیان ترسی هەیە و حەزی بە قوتابخانە نییە پێویستە یەکێك لە ئەندامانی خێزانی بەتایبەتی دایکی یان باوکی بەر لەوەی قوتابخانە بکرێتەوە لەگەڵی بێت گشت شوێنەکانی قوتابخانەی پێ ئاشنا بکات و یادگارییەکانی خۆی بۆ باس بکات، کاتێك کە ئەو منداڵ بووە چۆن چۆتە قوتابخانە، ئاشنای بکات بەکەلوپەلەکانی قوتابخانە بۆ ئەوەی ئەو ڕۆژەی منداڵەکە دەچێت بەلایەوە شوێنێکی نامۆ نەبێت و پێویستە ئەوە بۆ منداڵەکەی ڕوون بکاتەوە کە یەکەم ڕۆژ چەندین منداڵی تری هاوتەمەنی ئەو بەیەکەوە لە پۆلێك دادەنیشن وەکو ئەوە ببێتە سەرەتای وێنەیەك لە مێشکی ئەو منداڵە، دوای ئەوەی کە دەوامی قوتابخانە دەست پێدەکات پێویستە منداڵەکە شەوان زوو بخەوێندرێت، بەیانیانیش بە قسەی خۆش لە خەو هەڵیبستێنن و لە کاتی لەبەرکردنی جلوبەرگەکانی پێویستە هەوڵبدرێت منداڵەکە پشت ببەستێت بەخۆی و دوگمەکانی جلو بەرگەکەی ببەستێت و پێڵاوەکانی پاك بکاتەوە تا ماوەیەك ناوەناوە لە پێش چاوی منداڵەکە سەردانی قوتابخانەکەی بکرێت بۆ ئەوەی هەست بکات کە ئەو مامۆستایانە پێوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ ماڵەوەیان هەیە و دایك و باوك بەردەوام ئاگاداری منداڵەکەیانن».



ـــۆی هێنا


له ماڵی دراوسێیەکەمان هێنابووی بۆ سەماوەرو چا لێنان، تۆزێك لەنەوتەکە مابووەوە، ئەو نەوتەی لەگەڵ خۆی بردە گەرماوو دەرگاکەی داخست و هاواری کرد خۆم دەسووتێنم، هەموومان ڕامانکردە لای دەرگای گەرماوەکە، دەرگاکە نەدەکرایەوە، لە دواوە لەلای خۆیەوە کلیلی دابوو، دوای ئەوە تا کلیلێکی ترمان هێنا دەرگاکەمان کردەوە، تەنیا دوو خولەکی پێچوو بەڵام ئاگری لە هەموو جەستەی خۆی بەردابوو، وەکو مۆم گۆشت لە جەستەی دەتوایەوەو ئەکەوتە سەر زەوییەکە»

**کچەکەم بەردەوام بەدوای هەواڵێکی دامەزراندنەوە بوو**

دایکی بەناز لەبارەی هۆکاری خۆسووتاندنی کچەکەیەوە دەڵێت» ئێمە لە ماڵەوە ١١ کەسین و کرێچین، دەستکورتی وایکردووە تا کچەکەم وای لێهات لە ژیانی بێزار بوو بوو، چەندینجار هەوڵی دامەزراندنی داوە، دەچوینە فەرمانگاکانی حکومی بۆ دامەزراندن بەڕێیان دەکردین و دەیانوت بڕۆن دادە دامەزراندنی چی، دوای ئەوەی فۆرم درا بەقوتابیان بۆ دامەزراندن، کچەکەشم لە پەروەردەی هەولێر فۆرمێکی پڕکردەوە، هەموو ڕۆژێك لە دیار تەلەفزیۆن و هەواڵەکانەوە دادەنیشت، تەلەفۆنی بۆ هاوڕێیەکانی دەکرد بۆ ئەوەی گوێی لە هەواڵێکی دامەزراندن بێت. بەڵکو ناوی ئەویشی تێدابێت، بەڵام دوای ئەوەی ناوەکانی پەروەردەی هەولێر گەڕایەوە بۆ دامەزراندن، ناوی کچەکەمی تێدا نەبوو، لەوکاتەوە زۆر بێزار ببوو، بەردەوام گلەیی دەکردو ئەو شەوەی کەئاگری لەخۆی بەردا، داوای جلی جەژنی دەکرد، بەڵام مێردەکەم ئەو مانگە هیچ کاری نەبوو، هیچ پارەیەك نەبوو لەماڵەکەماندا بۆ ئەوەی جلی جەژنیشی بۆ بکڕم».



# تاچەند بەرزبوونەوەی نرخی زێڕ ڕێژەی پرۆسەی هاوسەرگیری .. کەمدەکاتەوە؟؟



« لەوەتەی زێڕ گران بووە، ڕۆژ هەیە یەك مسقاڵ زێڕ نافرۆشم، لەبەرئەوەی ڕێژەی پرۆسەی هاوسەرگیری کەم بۆتەوە».
ئەمە قسەی یاسین عەزیز موسایە کەخاوەن زێڕینگری بۆتانە، ماوەی ٢٠ ساڵە لەشاری دهۆك دوکانی زێڕینگەری هەیە، لەسەر گرانبوونی نرخی زێڕ دەڵێت «ئێستا لەوەتەی زێڕ گران بووە، خەڵك کەمتر سەردانمان دەکات، چونکە ئێستا بەرێژەیەکی کەمتر پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجام دەدرێت. پێش ئەوەی نرخی زێر بەرز ببێتەوە، ڕۆژ هەبووە تا ٢٠٠ مسقاڵ زێڕم دەفرۆشت، ئافرەتانی شاری دهۆك بەرێژەیەکی بەرچاو زێڕ دەکرن، بەتایبەتیش لەکاتی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرییان.
«یاسین» ئەوەش دەخاتەڕوو ئەوکاتەی کە نرخی زێڕ دابەزی، بنەماڵە هەبووە کە ژنیان دەخواست تا ٣٠٠ مسقاڵ زێڕی بۆ بووکەکەی خۆی دەکڕی، بەڵام ئێستا بەو ڕێژە زۆرە زێڕ ناکەن بۆ بووکەکانیان.
بەڵام تەڵعەت خەیات کە خاوەنی زێڕینگەری داستانە لەشاری دهۆك بەپێچەوانەی ڕای «یاسین»ەوە دەڵێت: گرانبوونی زێڕ تارادەیەك کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری، بەڵام لەشاری دهۆك لەچاو شارەکانی تری کوردستان بەو شێوەیە ڕێژەی هاوسەرگیری دانەبەزیوە. ئێستا کچ هەیە کە ژیانی هاوسەریشی پێکنەهێناوە، کەچی دێت زێڕ دەکڕێت، جا خرخاڵ بێت یا پشتێن، ئەوانەشی کە ژیانی هاوسەری پێك دەهێنن داوای زێڕ دەکەن، بەڵام وەك دووساڵ بەر لەئێستا نا..

**پێکهێنانی ژیانی هاوسەریم لە کڕینی زێڕی زۆر لا گرنگترە**

لەشاری دهۆکدا گەر سەیربکەین، پێش ئەوەی کچ ژیانی هاوسەری پێك بهێنێت لەلایان بنەماڵەکەیانەوە زێڕێکی زۆری بۆدەکڕدرێت بۆئەوەی کچەکە بەچاوێکی بەرزەوە لەلایەن ماڵە خەزوورانەوە سەیر بکرێت، جگەلەوەش کە ژیانی هاوسەری پێك دەهێنێت، بنەماڵەی کچەکە داوای



یاسین عەزیز

زێڕێکـــی زۆری بۆ دەکەن، بۆئـــەوەی لەداهاتوودا ئـــەو زێڕە بە حیســـابی خۆیان ژیانـــی لە هەموو ناخۆشیەك بپارێزێت بەڵام بەپێچەوانەوە لەشارەکانی تری کوردســـتان، ئافرەتان کەمتر داوای زێڕ دەکەن. فاتیمـــە عەزیز کە تەمەنی ٢٤ ســـاڵەو لەشـــاری دهۆك دادەنیشـــێت، پێش ئەوەی ژیانی هاوســـەری پێك بهێنێت لەلایان بنەماڵەکەیەوە ٦٠ مسقاڵ زێڕی بۆکرابوو. فاتیمە دەڵێت: ماوەی شەش مانگە ژیانی هاوســـەریم پێکهێناوە، کاتێك کە داواکاریم بۆهات، بنەماڵەکەم داوای ١٥٠ میسقاڵ زێڕیان کرد، بەڵام من ڕازی نەبووم بەم ڕێـــژە زۆرە، چونکە دەمزانی کوڕەکـــە توانای ئەو هەموو زێڕە زۆرەی نییە، تەنیا داوای ٩٠ مســـقاڵم لێکرد، هەرچەنـــدە بنەماڵەکەم ڕازی نەبـــوون، دەیانوت تۆ نرخی خۆت نازانی، ئەو زێڕە ژیانـــت دەپارێزێت لەداهاتوودا، بەڵام من هیچ گوێم بەقسەی ئەوان نەدا، چونکە ئەو کوڕەم خۆشتر دەوست لەزێڕو زیو.

## ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێژەی مارەیی دەستنیشان نەکردووە

ســـەبارەت بەبڕینی مارەیی زۆروزەبەند (د. بەشیر خەلیل حـــەداد) ئەوە دەخاتەڕوو» کەئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕێژەی مارەیی دەستنیشان نەکردووە، بەڵکوو تەنیا ئاماژەی بەوەداوە کەپێویســـتە ڕێژەکەی کەم بێت، داوای مارەیی بەزێڕ نەکرێت گەر نا لەســـەر بنەمایەك دابنرێت کەهەردوولا لێی ســـوودمەندبن و بگونجێت لەگەڵ باری ئابووری هەردووکیاندا.

د. بەشیر وتیشی «دانانی ئەو نۆزدەمسقاڵە لەلایەنی شـــەرعیەوە نییە بەڵکوو مرۆڤەکان ئەو ڕێژەیەیان بۆ خۆیـــان داناوە چونکە بەڕای هەندێك زانایان ئەگەر لەبیســـت مســـقاڵ زیاتر بێت ئەوا پێویستە زەکات بـــدات، لەبـــارەی دەستنیشـــانکردنی ڕێژەی زەکات(د.بەشـــیر خەلیل حەداد) ئەوە دەخاتەڕوو کەهەندێك لەزانایان بەتایبەتی ئیمامی ئەبوحەنیفە ئامـــاژەی بەوەداوە کە مارەیی زەکاتی لەســـەر نییە، بەڵکوو وەك قەرزێکی مردوو وەهایە تا لای پیاوەکەیە، تا ئەو قەرزە ژنەکە وەری دەگرێتەوە، بەڵام ئیمامی شـــافیعی زەکاتی لەسەر مارەیی فەرزکردووە، بۆیە بۆهەربیست مسقاڵێك نیو مسقاڵی داناوە. د.بەشیر خەلیل ئاماژە بەوەش دەدا، کە هەندێك لەدایك وباوکان دەیانەوێت بەمارەیی زۆر ئاینـــدەی کچەکانیان دابین بکەن، بەڵام هیچ کاتێك مارەیی نابێتە هۆکاری پاراســـتنی ژیانی ئافرەت و ئاینـــدەی دابین ناکات، بەڵکـــو زۆر ڕێگا هەیە کە پیـــاو دەتوانێت ژنەکە ناچاربـــکات بۆئەوەی واز لە مارەییەکە بهێنێت و چەندین جار ژن مارەیی زۆربووە بـــەڵام لەکاتی تەڵاقدانیدا پیاوەکـــە ناچاری کردوە تا واز لەمارەییەکە بهێنێـــت، تاکە زامنی ئایندەی ئافرەت هەڵبژاردنی دروســـتە بۆمرۆڤی بەرامبەری واتا هەڵبژاردنی کەسانی شـــیاو بۆ هاوسەرگیری تاکە ڕێگەی چارەسەرە.

هەروەهـــا بەکارهێنانـــی زێڕ بۆجوانـــکاری تەنیا لەکوردســـتان هەیەو بۆنموونە لە شـــاری موســـڵ تەنیا سەعاتێك لەشارەکانی هەولێرو دهۆکەوەدوورە، ئافرەتێك لەموســـڵ بەدوومیســـقاڵ زێڕ شوودەکات، بـــەڵام لەهەولێر یان دهۆك یاخود شـــوێنەکانی تر، بەچـــل تا پەنجا مســـقاڵ یان زیاتر شـــوو دەکەن، ئەمەش دیاردەیەکـــی کۆمەڵایەتیە لەناو کوردا کە کچان دەیانەوێت بەزێڕی زۆر خۆیان بەنرخ بکەن.

## نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان و بەهای مرۆڤ

(ئومێد ڕەسول) تویژەری کۆمەڵایەتییە، هەرسەبارەت بەم بابەتە باس لەوە دەکات کە زۆربەی کچانی کورد حەزیـــان لەزێڕە بێگومان ئەمـــەش چەند نۆرمێکی کۆمەڵایەتی لەپشـــتە، لەوانە لەکۆمەڵگای ئێمەدا هیچ جۆرە بنەمایەکی زانســـتی ومەعریفی ناکرێتە پێوەری بەنرخ بۆمرۆڤ، بەڵام ســـەروەت و سامان بۆتە گرنگترین و ســـەرەکیترین بنەمای کارکردنی ڕۆژانەمان، لەبەرئەوە زۆربەی کچان زێڕ بەخۆیاندا دەکەن بۆئەوەی خەڵك بەچاوێکی بەرزەوە تەماشایان بکات، بۆنموونە کوڕێك کە دەیەوێت کچێك بهێنێت، تەنیا تەماشای موڵك و ماڵی کچەکە دەکات، نەك ڕەوشـــت وکەســـایەتی کچەکە، واتا ئەگەر کچێك زێڕی زۆری پێوەبێت، ڕێز و تەقدیری زۆری دەبێت، یەکسەر کوڕێك خۆشی دەوێت و دەچێتـــە خوازبێنی، لەم بارەیەوە ئومێد دەڵێت: دەتوانیـــن بڵێیـــن کێشـــەی ئێمـــە لەوەدایـــە زۆربـــەی هـــەرە زۆری تاکـــەکان بیرکردنەوەیەکـــی تەقلیدیان هەیەو تەنیا حیســـابی لایەنە مادییەکان دەکەن و گوێ نادەنە هیچ جۆرە شتێکی تر .



تەڵعەت خەیات

زێڕو ســـامان بۆتە کۆڵەگـــەی هەموو نۆرمەکان، کچێك کەشـــوودەکات تەنیا ئەوەی بەلاوەگرنگە کە مێردەکەی زۆرترین زێـــڕو ئاڵتوونی بۆ بکات، واتا بیر لە شـــتی تر ناکەنەوە، دایك و باوکەکە بیر لەوە ناکەنـــەوە کە داخۆ ئەو کچەیـــان لەلای مێردەکەی ئاسوودەیە یان نا بەڵکوو دەڵێن زێڕی زۆری بۆکراوەو ئیتر تەواوە.

## تەخشان و پەخشان کردنی پارە بە زێڕەوە

تەڵعـــەت خەیاتی خاوەن زێڕینگەری داســـتان باس لەعەشـــیرەتەکانی شـــاری دهـــۆك دەکات و دەڵێت «چوار پێنج عەشیرەت هەیە لەشاری دهۆك زێڕی زۆر بۆکچەکانیان دەکرن، بۆئەوەی خەڵك بەچاوێکی بەرز ســـەیری ئەم بنەماڵەیە بکات. تەڵعەت دەشڵێ « کاتێك بنەماڵەیەك ئاهەنگێکیان هەبێت، کچەکان دێن زێڕ دەکرن، (پشـــتێن بێت یـــان خرخاڵ) بۆئەو ڕۆژە بەخۆیاندا دەپۆشـــن، بۆئەوەی خەڵك بڵێن ئەو کچـــە لەبنەماڵەیەکی دەوڵەمەندەو ســـەنگینە دەنا هیچی تر نییە. هەر لەسەر ئەم بابەتە «تەها نادر» کە گەنجێکە دانیشتووی شاری دهۆکە لە کۆلێژی یاسای هەولێر دەخوێنێ ماوەیەکە کچی پوری خۆی مارەبڕ کـــردوە، باس لەوەدەکات کـــە بنەماڵەکەیان داوایـــان لێکـــردووە ژن بهێنێـــت دەڵێت»ماڵی ئێمە داوایـــان لێ کـــردم ژن بێنم، منیش بیـــرم کردەوەو کچە پورم هەڵبژارد، چونکە لەلایەنی ڕۆشـــنبیری و کومەڵایەتـــی و ماددیەوە لە ئاســـتی یەك بووین . کاتێـــك چووینە خوازبێنی، دایکـــی وتی بیبەنە بـــازاڕ چەندیتان لەتوانادا بـــوو بۆی بکڕن، ئێمەش ١٥٠ مســـقاڵ زێڕمان بۆ کڕی، ئەگەرچی لەچاو بنەماڵەکەمان ئەوەنـــدە زێڕەی کە بۆم کردوە کەمە، بەڵێنمداوە لە داهاتوودا بۆی قەرەبوو بکەمەوە، ئێستا هەر ئەوەندەم لەتوانادا هەبوو».

